حکومەتی هەرێمی کوردستان- عیراق
وزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پرۆگرام و چاپەمەنییەکان

# خوێندنی کوردی

## پۆلی یەکەمی بنەڕەتی

### وەرزی یەکەم

دانانی

لیژنەیەک لە هەردوو وەزارەتی پەروەردە و خوێندنی باڵا


د. موحەمەد مەحوی

| | | |
|---|---|---|
| د.ئیبراهیم قادر موحەمەد | د. سەباح ڕەشید قادر | سادق ئەحمەد ڕوستایی |
| نەمام جەلال ڕەشید | یوسف عوسمان حەمەد | ئەسکەندەر موستەفا عەبدولرەحمان |
| ئیسماعیل موحەمەد عەبدوڵڵا | تاریق خالید مەعروف | گەلاوێش ئەحمەد زینۆ |
| سۆزان بەکر موحەمەد | مەحمود عەبدولکەریم قادر | واحید سوورە عەبدول |
| ئاوات ئەبوبەکر ئەحمەد | عەبدوڵڵا حەسەن قادر | هیدایەت ئەحمەد کەریم |
| سەلیم عەلی عومەر | حوریە عەزیز قادر | موحەمەد وەیسی موحەمەد |



چاپی پێنجەم (١٤٣٩) کۆچی (٢٠١٨) زاینی (٢٧١٨) کوردی

سەرپەرشتی زانستی چاپ: نەمام جلال رشید
سەرپەرشتی هونەری چاپ: عوسمان پیرداود کواز – خالید سەلیم مەحمود
نەخشەسازی ناوەڕۆک: یوسف ئەحمەد ئیسماعیل
تایپ: نەجمەدین جبرائیل بیری – یوسف ئەحمەد ئیسماعیل
نەخشەسازی بەرگ، نیگارەکان: نەجمەدین جبرائیل بیری
جێبەجێکردنی بژاری هونەری: شیماء یاسین اکرم

# پێشەکی

## مامۆستایان/ دایکان و باوکانی بەڕێز

ئەو کتێبەی بەر دەستتان بۆ فێربوون و فێرکردنی خوێندنەوە و نووسینە بە زمانی کوردی بۆ منداڵانی تەمەن (٦) ساڵان و لەلایەن لیژنەیەک لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی پڕۆگرام و چاپەمەنییەکانی وەزارەتی پەروەردەی هەرێمی کوردستانی عیراق ئامادەکراوە و پشتبەستە بە ئەزموونی پێشتری کورد و وڵاتانی دراوسێ و جیهان لەم بوارەدا، تایبەتە بە ناساندنی دەنگ و شێوەی پیتەکانی ئەو ئەلفوبێیەی ئێستای زمانی کوردی پێی دەنووسرێت و دەخوێندرێتەوە و کتێبی قۆناغەکانی خوێندنی فەرمی پێ چاپدەکرێت.

لەبەرئەوەی هەموو منداڵێکی کورد هەلی چوونە باخچەی منداڵانی لەبەردەمدا واڵا نییە و لێی بێ بەش دەبێت، ئەو شارەزایی و کارامەیی و چاپووکییانەی پێش چوونە قوتابخانەی بنەڕەتی لە باخچەی منداڵاندا پێشکەش بە منداڵانی تەمەن (٤–٥) ساڵان دەکرێت، بۆ ئەم نەڕەخساوە، کە بریتین لە فێربوونی هەڵسوکەوت و دانیشتن لە پۆلدا و ناسینی دەنگ و شێوەی پیتەکانی ئەلفوبێی کوردیی هاوڕێ لە تەک خوێندنەوەی کۆمەڵە وشەیەکی سادە و ئاسان...هتد، بەباش زانرا ئەم کتێبە لەم چاپەی ئێستایدا بۆ پۆلی یەکەمی بنەڕەتی بەم شێوازە ئامادەبکرێت، کە هەردوو قۆناغ لێکنزیک بکاتەوە و ئەو بۆشاییە کەمتر بکرێتەوە کە لە تێپەڕ نەبوونی منداڵ بە باخچەی منداڵاندا دروست دەبێت.

خوێندنی کوردی سێ کتێب دەگرێتە خۆی (خوێندنی کوردی وەرزی یەکەم) و (خوێندنی کوردی وەرزی دووهەم) و (ڕێبەری مامۆستا). هەردوو  کتێبی وەرزی یەکەم و دووهەم، جگە لە هەنگاوەکانی فێربوونی دەنگ و شێوەی پیت، لە کۆمەڵێک ڕاهێنان و چالاکی پێکهاتوون. کتێبەکان لەسەر بنەمای ڕێگەی (لە گشتەوە بۆ بەش/شیکاری) داڕێژراوە و لەبەر ڕۆشنایی شێوازی: ( ببینە و بڵێ – Look and say ) فێرکردنی خوێندنەوە بە وشە دەستپێدەکات، نەک بە دەنگی پیت و بڕگە، وەک لە ڕێگەی (لە بەشەوە بۆ گشت / پێکهێنانەوە) دا هەیە، سەرەتا منداڵ زمان لە ڕێگەی ئاخاوتنەوە فێردەبێت یان وەریدەگرێت، بۆیە بەمەبەستی چنین ئاسان بۆ گران یان لە زانراو بۆ نەزانراو بە باش زانرا دەروازەی فێربوونی زمان لای منداڵ بە وێنەی هاندەر و ئاخاوتن دەستپێبکات، مەبەست لە کارامەیی ئاخاوتن توانای دەربڕیین و بەهێزکردن و دەوڵەمەندکردنی زمانی قوتابییە، بەجۆرێک کە بتوانێت بۆ جێبەجێکردنی پێویستییەکانی ژیانی ڕۆژانەی خۆی سوودیان لێوەربگرێت. لە هەمان کاتدا بۆ فراوانکردنی توانستی پەیوەندیکردن بە بەستنەوەی ئەو کۆمەڵە مەعریفەی پێشووی بە زانیارە تازەکانی ناو کتێبەکەوەیە، مامۆستاکەش لە میانی گفتوگۆکاندا شارەزای تەواوی کەسییەتی، ئاست، ویست، حەز و جۆری بیرکردنەوەی قوتابییان دەبێت، کە دواتر بۆ گەشەکردنی ئەرێنیانە بەگەڕیان دەخات.

لە کتێبی خوێندنی کوردییدا هەوڵدراوە هەنگاو بە هەنگاو منداڵ لە ئاستی دەنگسازی ئاشنای (دەنگ، گۆکردنی (تەلەفوز) تەواو، بڕگە، شێوەی دەنگ) بێت، بە ڕاهێنانەکان پیت و وشە فێردەبێت، کۆمەڵە مەشق و ڕاهێنانی جۆراوجۆر بە مەبەستی چالاککردنی هزری قوتابی خراوەتە ڕوو، لەوانە: پێکهێنان، هەڵوەشاندنەوە، پەیوەندیکردن لە نێوان وشە و وشە یان وشە و وێنە، یاری وشە، ڕێکخستن، نووسین... ئامانجە پەروەردەیەکە، دروستکردنی کەشوهەوایەکی خۆش و لەبار لە ناو پۆلدا، بەشێوەیەک کە منداڵ لە بێزاری دووربخاتەوە. زیاتر بایەخ بەخودی قوتابی دراوە و لە پۆلەکەی خۆیدا و تەوەری سەرەکییە، هەمیشە بە کۆنترۆڵی مامۆستا ناجولێت، بەڵکو خۆی بیردەکاتەوە و خۆی دەدۆزێتەوە.

لە سەرەتای وەرزی یەکەمدا دەقەکان زارەکین (ببینە و بڵێ)، لە تەکیاندا هەندێک وشە و گرێ و ڕستە و کورتە دەقی نوسراومان هەن، بەڵام لە وەرزی دووهەمدا دەقی نوسراو زیاتر بەدیدەکرێت، هاوشان لەگەڵ هۆنراوە و سیناریۆکان، کە جگە لە ڕێنمایی پەروەردەیی خۆشی بە منداڵ دەبەخشن. لەم تەمەنەدا، هزری منداڵ گەشەی تەواوی نەکردووە، بۆیە ناتوانێت وێنەی زەینی وشە دروستبکات و لەبەر ئەمەشە پەروەردەکاران و دەروونناسان بۆ ئەم تەمەنە ڕێنووسی گواستراو پەسنددەکەن.

ڕێگەی گوتنەوەی کتێبەکە بە ڕوونی لە کتێبی ڕێبەردا بۆ مامۆستا و خێزان ڕوونکراوەتەوە، کە یاریدەدەرن بۆ سەرخستنی پرۆسەی گوتنەوەی کتێبەکە و بە ئامانج گەیشتنی پرۆسەکە. ئەم پرۆگرامەی بەردەستتان شێوەیەکی هاوچەرخی فێربوونی زمانە، هاوتەریب بایەخ بە هەر چوار کارامەیی زمان (ئاخاوتن، تێگەیشتن، خوێندنەوە، نووسین)دراوە. بە گشتی ئامانجە سەرەکییەکان، دروستکردنی حەز و ئارەزووی خوێندنن لای قوتابی لەگەڵ ئاراستەکردنیدا بۆ خوێندنی دروست. ئەم پرۆسەیە: فێربوونی خوێندنەوە و نووسین بەم شێوەیە، خۆشییەک بە منداڵ دەدات و هانیدەدات لای خۆشەویست بێت وببێتە ڕەفتارێکی پەروەردەیی، کە لە خۆیدا بە ڕەفتاربوونی ئامانجە پەروەردەییەکانە لەم پرۆسەیەدا و لەم قۆناغەی تەمەنی منداڵدا.


# پەڕتوک

پەڕتوکی خۆت دەرێنە
وریابە و مەیدڕێنە
ناوی خودای لێ بێنە
پیت و وشەی بخوێنە
گەر پیت ڕیزکەی بۆ وشە
ئەوا ئایندەت گەشە
کە وشەت کرد بە ڕستە
ئەوە هیوا و مەبەستە

ئیبراهیم چاوشین سیتکانی





# پێداویستییەکانی ناو ماڵ، پۆشاک، هۆیەکانی گواستنەوە



















# وێنەی نامۆ











# وێنەی جیاواز




# دیارکردنی وێنەی ناتەواو





## دارا و پەری




٥
٦
٧
٨
WC
پۆلی دووەم
پۆلی یەکەم


٩


١٠
وانەی یەکەم
کوردی
/ / ٢٠
دادە


١١


١٢

# سمۆره

سمۆرەیەک هاوڕێمە　　لە ناو پۆلیشدا پێمە
زۆر وریایە و بچوکە　　خنجیلە و ئێسک سووکە
پێمان دەڵێت وریا بن　　لە دەرسا زۆر ئازا بن
هەرجارە و بە بابەتێک　　جوان فێرمان دەکات پیتێک
بە لاشە چەند بچوکە　　هێندە کارا و چاپوکە
سوپاس بۆ تۆ هاوڕێ گیان　　خۆشمان دەوێی وەک چاومان


ڕێزان بەکر موحەممەد




## چۆن پێنووس بە دەستەوە دەگرین.





# تۆخ بکەوە.




## تۆخیان بکەوە.










ناوی ڕەنگەکانی ئاڵا بڵێ، تۆخ بکەوە، ڕەنگ بکە.





# وانەی ١


ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /د/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.









جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

ئامەد ئامە د

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( د ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.









ئامەد پەردە پەنجەرە دەرگا

( د ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

زەرد دەم پەردە کیسەڵ

دەڵێم.

د د د

## پیتی ( د ) دەنووسم: د



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

ئامەد ئامەد ئامەد ئامەد

د د د د

د

د

د

د

د

د




من قوتابخانەی خۆم خۆشدەوێت.


## چالاکی (٢)

ڕەنگەکانیان ببینە و بڵێ.



## چالاکی (٣)

( د ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.




# چالاکی (٤)


**ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( د ) بنووسە.**




بەر....



....یوار



....ەم



پر....

من (شارەکە/دێیەکە)م خۆشدەوێت.

به هاوکاریی مامۆستا

قوتابی وێنەی شارەکەی یان دێیەکەی دادەنێت.

# چالاکی (٥)

**نیشانەی (✓) یان (✗) دابنێ.**









# وانەی ٢




ببینە و بڵێ.

ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ر/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.









جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

دار دا ر

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ر ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.






دار باران مار باز

( ر ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

گرد دیوار کۆلارە قاز

دەڵێم.

ر ر ر


دارا



دا　　را

د　ا　ر　ا

داده



دا

ده


د

ا

د

ه

## پیتی ( ر ) دەنووسم: ر



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

دار دار دار دار

ر ر ر ر

ر

ر

ر

ر


دار

دارا

من ڕێز لە مامۆستای خۆم دەگرم.

## چالاکی (٢)

پیتی ( ا ) دەنووسم.    پیتی ( ە ) دەنووسم.




## چالاکی (٣)

( د ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.




# چالاکی (٤)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ر ) بنووسە.




دا....



ما....



دە....گا



بـ....ۆ

# چالاکی (٥)

**نیشانەی (✓) یان (✗) دابنێ.**










# وانەی ٣

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ز/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

مۆز مۆ ز

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ز ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.






| | | | |
|---|---|---|---|
| مۆز | بۆق | بزن | قاز |

( ز ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

نەورۆز وەرزش زانکۆ شەقام

دەڵێم.


ز ز ز

بیرخستنەوە

د ر ە ا ز

## پیتی ( ز ) دەنووسم: ز

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

مۆز مۆز مۆز مۆز

ز ز ز ز

ز

ز

ز

ز

زا

زە

من لەگەڵ هاوڕێکانی خۆم تەبام.


## چالاکی (٢)

**ببینە و بڵێ.**




## چالاکی (٣)

**( ز ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.**



# چالاکی (٤)

**ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ز ) بنووسە.**




قا....



با....اڕ



بـ....ن




...ریـ....ە

## چالاکی (٥)

لێکبدە، بخوێنەوە.

( ز ، ا ، ز ، ا )





## چالاکی (٦)

بخوێنەوە، بنووسەوە.

دارا    زەرد    زارا    دادە


# وانەی ٤

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /و/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.



جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

چاو چا و

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( و ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



پیاو کڵاو کوڕ کچ

( و ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

زەیتون کەوەر پیاز ڕێواس

دەڵێم.


و و و

بیرخستنەوە

د ر ە ا ز و

## پیتی ( و ) دەنووسم:

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

چاو چاو چاو چاو

و و و و

و

وا

وە

وەرز


وەرە

دەروازە


من لەسەر دیوار
نانووسم.

## چالاکی (٢)

**ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی ( و ) بنووسە.**








کە....    کـ....ڕ    ....رچ


## چالاکی (٣)

**( و ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.**



## چالاکی (٤)

ببینە و بڵێ.



## چالاکی (٥)

لێکبدە.

بنووسەوە، بخوێنەوە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| زا | را | | ← | ---------------- |
| وە | رە | | ← | ---------------- |
| دە | رە | وە | ← | ---------------------- |

## چالاکی (٦)

**لە هاوڕێکەت پرسیار بکە.**

١- هەفتە چەند ڕۆژە؟

٢- ڕۆژەکانی هەفتە بژمێرە؟

٣- ئەمڕۆ چەند شەممەیە؟

٤- کام ڕۆژ پشووە؟

## چالاکی (٧)

**بخوێنەوە، بنووسەوە.**



زارا وەرە دەرەوە.

---------------------------------

---------------------------------

---------------------------------



دارا وەرە دەرەوە.

---------------------------------

---------------------------------

---------------------------------


# وانەی ٥

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ڕ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.



جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

مەڕ مە ڕ

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ڕ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



پەڕ کەو پۆڕ مەڕ

( ڕ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

کڕێوە ڕەشەبا زریان ڕۆژ

دەڵێم.

ڕ ڕ ڕ

بیرخستنەوە

د ر ه ا ز و ڕ

## پیتی ( ڕ ) دەنووسم: ڕ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

مەڕ مەڕ مەڕ مەڕ

ڕ ڕ ڕ ڕ

ڕ

ڕا

ڕە

ڕەز

ڕاز

ڕەوا

من ددانەکانم پاکوخاوێن
ڕادەگرم

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ڕ ) بنووسە.



کو....



....ۆژ

## چالاکی (٣)


( ڕ ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.



## چالاكی (٤)


**نیشانەی (✓) یان (✗) دابنێ.**






## چالاكی (٥)

بخوێنەوە.




هەڵوەشێنەوە.



## چالاکی (٦)

بخوێنەوە، بنووسەوە.

ڕاز　　ڕەوا　　ڕەوەز

ڕاز و ڕەوا　　ڕەوەز و ڕاز

ڕەوەز وەرە دەرەوە.

# ئاکاری ئاخاوتن






٣




٤




# وانەی ٦

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ۆ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

دۆ     د     ۆ

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ۆ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.

٩   

نۆ     ترێ     مۆز     خۆخ

( ۆ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

تۆپ     تۆڕ     نۆک     نیسک

دەڵێم.

ۆ     ۆ     ۆ

بیرخستنەوە

د   ر   ە   ا   ڕ   و   ز   ۆ

## پیتی ( ۆ ) دەنووسم:

ۆ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

دۆ دۆ دۆ دۆ

ۆ ۆ ۆ ۆ

ۆ

ۆ

ۆ

ۆ


دۆ

زۆر

من درۆ ناکەم.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ۆ ) بنووسە.







مـ....م          بر....          مـ....ڕ


## چالاکی (٣)

( ۆ ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.



## چالاکی (٥)

بڵێ، چۆن دۆ ئامادە دەکەین؟



## چالاکی (٦)

| لێکبدە. | | | | بنووسە، بخوێنەوە. |
|---|---|---|---|---|
| ڕۆ | زا | | ← | ........................ |
| ڕا | زاو | | ← | ........................ |
| دە | رە | وە | ← | ........................ |

## چالاکی (٧)

بخوێنەوە، بنووسەوە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| دۆ | ڕۆزا | زۆر | ڕازاو |

ڕازاو وەرە.



دۆ زۆرە.


# وانەی ٧



ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ی یـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.








جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# نەی    نە    ی    (ی یـ)


ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ی یـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.









| | | | |
|---|---|---|---|
| ماسی | کیسەڵ | ڕوبار | مراوی |

( ی یـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

سیدی    زەماوەند    گۆرانی    یاری

دەڵێم.

ی یـ    ی یـ

بیرخستنەوە

ۆ    ڕ    و    ر    د    ا    ز    ە    ی یـ

## پیتی ( ی یـ ) دەنووسم: ی یـ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

نەی نەی نەی نەی

ی ی ی ی

ی

یـ یـ یـ یـ

یـ

یا


یە

یاری

من یارمەتی دایک و باوکم دەدەم.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ی یـ ) بنووسە، بخوێنەوە.




زر....زە



د....ار....

## چالاکی (٣)

( ی یـ ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.



## چالاکی (٤)

بخوێنەوە بڕگە بکە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| یاری | ← | یا | ری |
| یاوەر | ← | | |
| دایە | ← | | |
| دەریا | ← | | |

## چالاکی (٥)

بخوێنەوە، بنووسەوە.

| دایە | یاوەر | دایە و یاوەر |
|---|---|---|
| ---------- | ---------- | ---------- |
| ---------- | ---------- | ---------- |
| ---------- | ---------- | ---------- |

# ئێک و دو

ئێـــــک و دو
ڕابــــــه زوو

ســـێ و چوار
بــکـه غـــار

پێـنج و شەش
گـــولا گــەش

حەفت و هەشت
چوومە گەشـت

نــەهـ و دەهـ
خــویندنگەهـ

پیر خدر سلێمان




# وانەی ٨

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ئـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.


   

جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# ئـاو ئـــــاو (ئـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ئـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.






ئەسپ چیا ئاگر ئاڵا

( ئـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

ئـاسمان ئـاڵا هەتاو ئـەستێرە

دەڵێم.

ئـ ئـ ئـ

بیرخستنەوە

ۆ ز ا ر و ە ڕ ی یـ ئـ

## پیتی ( ئـ ) دەنووسم: ئـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

ئـاو ئـاو ئـاو ئـاو

ئـ ئـ ئـ ئـ

ئـ

ئا

ئە

ئاو

ئەو

ئارد

ئاو سەرچاوەی ژیانە.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ئـ ) بنووسە، بخوێنەوە.




....ەو



....ەوە

## چالاکی (٣)

( ئـ ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.



## چالاکی (٤)

لێکبدە، بڕگە بخوێنەوە.

ئـ ا ←

ئـ ← ئە

ئـ ۆ ←

## چالاکی (٥)

بخوێنەوە، بڕگە بکە.

ئازا ← ئا زا

ئاری ←

دەریا ←

ئەوە ←

# چالاکی (٦)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

## دەریا

– ئاری، ئاری وەرە.
ئەوە دەریایە.
– ئۆی! ئاوی دەریا زۆرە.

بنووسەوە.

| | |
|---|---|
| ئاری وەرە. | ئاوی دەریا زۆرە. |


# وانەی ٩



ببینە و بڵێ.

ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ن نـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# نان نا ن (ن نـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ن نـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



| | | | |
|---|---|---|---|
| ئاوێنە | شانە | بازن | گوارە |

( ن نـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

برنـج گەنـم ددان لێو

دەڵێم.

ن نـ ن نـ

بیرخستنەوە

ۆ د ز ا ر و ە ڕ ئـ ی یـ ن نـ

## پیتی ( ن نـ ) دەنووسم: ن نـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

نا نا نا نا

ن

نـ

نا

نە

نان

دەستپاکی ڕەوشتێکی جوانە.

## چالاکی (٢)

**ئەمانە چی دەکەن؟ پیتی( ن نـ ) بنووسە، بخوێنەوە.**



ئاودا....



ڕ...یـ...

## چالاکی (٣)

**( ن نـ ) بدۆزەوە، ڕەنگ بکە.**

| | | |
|---|---|---|
| | نـ | |
| ن | | ڕ |
| | ن | |
| ر | | و |
| | ر | |
| ن | | نـ |
| | ۆ | |
| ی | | ی |
| | نـ | |
| ن | | ا |
| | د | |

## چالاکی (٤)

**(ئەو ، ئەوان) لە شوێنی ڕاست دابنێ.**



....................



....................

## چالاکی (٥)

**بڕگە گونجاوەکان بەیەک بگەیەنە.**

| | |
|---|---|
| نەو | زن |
| زا | ڕۆز |
| با | نا |

## چالاكی (٦)

وشه دروست بكه، بخوێنه‌وه، بنووسه.

دا

را ← ..........

و ← ..........

ده ← ..........

یه ← ..........

نا

ن ← ..........

و ← ..........

رین ← ..........

زه ← ..........

## چالاکی (٧)

بخوێنەوە، بنووسەوە.

نەورۆز نانەوا نۆ

--------------------- --------------------- ---------------------

--------------------- --------------------- ---------------------

زانا زانا نانەوایە.

------------------------------ ------------------------------

------------------------------ ------------------------------



ئـ ا

ئا

ئـ ە

ئە


ئـ + ا + و = ئاو

ئـ + ە + و = ئەو

ئـ + ە + و + ا + ن = ئەوان


# وانەی ١٠

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ژ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

ڕۆژ    ڕۆ    ژ

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ژ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



برژانگ    قژ    ئەژنۆ    دەم

( ژ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

ژوور    پەرژین    زارا    مێوژ

دەڵێم.

ژ    ژ    ژ

بیرخستنەوە

ۆ    ز    ا    ر    و    ە    ڕ    ن نـ    ژ

## پیتی ( ژ ) دەنووسم: ژ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

ڕۆژ ڕۆژ ڕۆژ ڕۆژ

ژ ژ ژ ژ

ژ

ژا

ژە

ڕۆژ

ئەژنۆ

ژیان

من کاتی خۆم بەفیڕۆ نادەم.

## چالاکی (٢)

**ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ژ ) بنووسە، بخوێنەوە.**





ڕ....ان      قـ....      ...یـ...ک

## چالاکی (٣)

**( ژ ) بدۆزەوە، ڕەنگ بکە.**

| | | | |
|---|---|---|---|
| ر | ۆ | ز | ن |
| ژ | ک | ژ | یـ |
| ی | ا | ن | ه |
| و | ڕ | د | ژ |
| ژ | ی | نـ | یـ |

# چالاکی (٤)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

## ژیان و ئەژی

دارا و زارا وەرن.

ژیان و ئەژی دار ئاو دەدەن.

بنووسەوە.

ژیان و ئەژی دار ئاو دەدەن.

## بلێن بەڵێ

مـنـدالان گوێتان لێیـە
من ئەو پەیامـەم پێیە

لـە ئـێستاوە کـە وردن
هەر کەسێ بانگی کردن

لــە وەڵامــا وشیـار بن
بـــەڕێزەوە دیـــار بن

ژیــریی خــۆتان بنوێنن
(بـــەڵێ) بـەکـار بهێنـن

حاتەم باتاسی




# وانەی ١١

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ێ ێـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

## دێ     د     ێ     (ێ یـێـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ێ یـێـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



شێر     ڕێوی     ورچ     سێ

( ێ یـێـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

زێوێ     ئاکرێ     بۆکان     هەولێر

دەڵێم.

ێ یـێـ     ێ یـێـ

بیرخستنەوە

ڕ   ۆ   ز   و   ن نـ   ر   ژ   ێ یـێـ

## پیتی ( ێ ێـ ) دەنووسم: ێ ێـ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

دێ دێ دێ دێ

ێ ێ ێ ێ

ێ

ێـ ێـ ێـ ێـ

ێـ

دێ

ئێوە

ئێوارە


ئاووهەوای دێیەکەمان خۆشە.

## چالاکی (٢)

**ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ێ ێـ ) بنووسە، بخوێنەوە.**



و...نە



ڕ....وی

## چالاکی (٣)

**( ێ ێـ ) بدۆزەوە، دەوربدە.**



## چالاکی (٤)

| لێکبدە. | | | | بنووسە، بخوێنەوە. |
| --- | --- | --- | --- | --- |
| ئێـ | + | وە | ← | ---------------- |
| دوێـ | + | نێ | ← | ---------------- |
| ڕێـ | + | وی | ← | ---------------- |

## چالاکی (٥)

بخوێنەوە، بڕگە بکە، پیتەکان بنووسەوە.

وێنە ← ◯ ◯ ← ◯ ◯ ◯ ◯

ئێوارە ← ◯ ◯ ◯ ← ◯ ◯ ◯ ◯ ◯ ◯

# چالاکی (٦)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

ڕێ

ئەوە ڕێیە.
ئەوە ڕێی دێیە.
ئەو دێیە داری زۆرە.

بنووسەوە.

ئەو دێیە داری زۆرە.


# وانەی ١٢

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ب بـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.



جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# کەباب کەبا ب (ب بـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ب بـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.




با



بەفر



باران



هەور

( ب بـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

بـزن کەڵەبـاب بـولبـول مریشک

دەڵێم.


## ب بـ ب بـ

بیرخستنەوە

ە ن نـ ێ ێـ ا ژ ڕ ئـ و ۆ ب بـ

## پیتی ( ب بـ ) دەنووسم ب بـ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

کەباب کەباب کەباب کەباب

ب ب ب ب

ب

بـ بـ بـ بـ

بـ

با

بە


کەباب


پارووی بچوک قوت دەدەم،
ئەوسا پارووی تر دەکەم.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ب بـ ) بنووسە، بخوێنەوە.







کەڵە....ا.....      ....اوی      ....ـەران

## چالاکی (٣)

( ب بـ ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.



## چالاکی (٤)

وشە دروست بکە، بنووسە، بخوێنەوە.

بـ

ۆن ← ..........

را ← ..........

زن ← ..........

ڕۆ ← ..........

با

بە ← ..........

زاڕ ← ..........

ران ← ..........

ز ← ..........

# چالاکی (٥)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

**بزن**

**زارا: بابە بڕوانە، ئەو بەرانانە!**

**بابە: زارا ئەوانە بەران نین، ئەوانە بزنن.**

بنووسەوە.

| | | |
|---|---|---|
| بابە | بڕوانە | بزن |
| ---------- | ---------- | ---------- |
| ---------- | ---------- | ---------- |


# وانەی ١٣

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /س سـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# ڕێواس ڕێوا س (س سـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( س سـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



سەرباز ئەفسەر پۆلیس پێشمەرگە

( س سـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

گێلاس سێو سەبەتە هەرمێ

دەڵێم.

س سـ س سـ

بیرخستنەوە

ڕ ە ۆ ژ و ا ی یـ ن نـ س سـ

## پیتی ( س سـ ) دەنووسم: س سـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

ڕێواس ڕێواس ڕێواس ڕێواس

س

سـ

سا

سە

ڕێواس

من یارمەتی مرۆڤی پیر دەدەم.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( س سـ ) بنووسە، بخوێنەوە.



....ـەر




....ێ



دە....ت

## چالاکی (٣)

( س سـ ) بدۆزەوە، دەوربدە.




## چالاکی (٤)

بڕوانە، بڵێ، بنووسە.



ئەمە..............ـە.



ئەوە..............ە.

## چالاکی (٥)

بڕگە بکە، پیتەکان بنووسە.

برسی

سیروان

سەیران

## چالاکی (٦)

بخوێنەوە، بنووسەوە.

ئەوان بۆ سەیران دەڕۆن.

سۆران و سیروان بران.


## شاری یاری




هاهاها
پەری چەند خێرایە!
خۆتان باش بگرن!
مەترسن هاوڕێیان.

# وانەی ١٤


ببینە و بڵێ.





ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /وو/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.










جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# بەڕوو بەڕ وو

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( وو ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



دروون دەزوو دەرزی پەموو

( وو ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

توو پیاز توور مازوو


دەڵێم.

## وو وو وو

بیرخستنەوە

ز ا د ڕ و ر ۆ وو

## پیتی ( وو ) دەنووسم: وو



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

بەڕوو بەڕوو بەڕوو بەڕوو

وو وو وو وو

وو

وو

بەڕوو

دوور


سوور

بازوو

من پەڕتوکەکانی خۆم پاکوخاوێن ڕادەگرم.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( وو ) بنووسە، بخوێنەوە.



د....ربین




باز....



ماز....

## چالاکی (٣)

( وو ) بدۆزەوە، ڕەنگ بکە.



## چالاكی (٤)

بڕگەكان لێكبدە، بخوێنەوە.

| | | |
|---|---|---|
| بە | سوود | ........ |
| ڕە | ژوو | ........ |
| بر | ژاو | ........ |

## چالاكی (٥)

بخوێنەوە، پیتەكان بنووسە.

سوور

ژوور

بەڕوو

ئارەزوو

# چالاكی (٦)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

## بەڕوو

**دارا وەرە، ئەو بەڕووانە ببرژێنە.**

**بەڕووی برژاو بەسوودە.**

ڕێکبخەوە، بنووسەوە.

(بەسوودە ، برژاو ، بەڕووی)


---

---

---

# وانەی ١٥

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /م مـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.









جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

## دەم   دە   م   (م مـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( م مـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



شێلم



شەمامە



سلق



مێو

( م مـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

ماردین   قامیشلۆ   شنۆ   سلێمانی

دەڵێم.

## م مـ   م مـ

بیرخستنەوە

ێ ێـ   ا   و   ب بـ   ژ   س سـ   وو   ز   م مـ

## پیتی ( م مـ ) دەنووسم: م مـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

دەم دەم دەم دەم

م م م م

م

مـ مـ مـ مـ

مـ

ما


مە

دەم

من شەوان زوو دەنوم، بەیانییان زوو
لە خەو هەڵدەستم.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( م مـ ) بنووسە، بخوێنەوە.



....اسی



...ۆ...



ز....ان

## چالاکی (٣)

( م مـ ) بدۆزەوە، ڕەنگ بکە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| م | د | ز | و |
| ۆ | ژ | ی | م |
| ی | ب | د | ر |
| م | مـ | ژ | مـ |

## چالاکی (٤)

بخوێنەوە، پیتەکان بنووسە.

مار

مەڕ

مێروو

## چالاکی (٥)

ئەم هێمایانە بۆچی بەکاردێن؟



# چالاکی (٦)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

## مێروو

**زارا:** دارا بڕوانە، ئەم مێرووانە!

**دارا:** مێروو بەڕیز دەڕۆن!

**زارا:** من ئازاری مێروو نادەم.

بنووسەوە.

مێروو بەڕیز دەڕۆن!

---


من ئازاری مێروو نادەم.

---

# وانەی ١٦




ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ت تـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# پەت    پە    ت    (ت تـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ت تـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.






پرتەقاڵ    ترێ    شوتی    سێو

( ت تـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

ڕاستی    نارین    ئاوات    تارا

دەڵێم.

ت تـ    ت تـ

بیرخستنەوە

س سـ    ژ    وو    ێ ێـ    ۆ    ب بـ    م مـ    ت تـ

## پیتی ( ت تـ ) دەنووسم: ت تـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

پەت پەت پەت پەت

ت ت ت ت

ت

تـ تـ تـ تـ

تـ

تا


تە

پەت


دەستی ماندوو لەسەر سکی تێرە.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ت تـ ) بنووسە، بخوێنەوە.




ما....ۆڕ



ئو....وو


## چالاکی (٣)

( ت تـ ) بدۆزەوە، ڕەنگ بکە.




## چالاكی (٤)

هەڵوەشاندنەوە.




پێکهێنانەوە.




## چالاكی (٥)

بڕگەکان لێکبدە، بنووسە، بخوێنەوە.

زسـ + تان ← ..........

دە + با + ڕێت ← ..........

دە + ڕۆین ← ..........

# چالاکی (٦)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

## زستان

**تارا زستان ساردە، باران دەبارێت.**

**نەورۆز دەڕۆین بۆ سەیران.**

بنووسەوە.

**زستان ساردە.**

---

**نەورۆز دەڕۆین بۆ سەیران.**

---


# وانەی ١٧

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ک ک/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.




جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# بووک بوو ک (ک ک‍)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ک ک‍ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



کۆتر    مریشک    کەو    پشیلە

( ک ک‍ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

کەرکوک    دهۆک    ئاکرێ    چۆمان

دەڵێم.

ک ک‍    ک ک‍

بیرخستنەوە

ن ن‍   س س‍   م م‍   ت ت‍   ب ب‍   ێ ێ‍   ڕ   ا   ک ک‍

## پیتی ( ک کـ ) دەنووسم: ک کـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

بووک بووک بووک بووک

ک ک ک ک

ک

کـ کـ کـ کـ

کـ

کا


کە

بووک

من کە ئەرکەکانم تەواوکرد، یاری دەکەم.

## چالاكی (٢)


ناوی وێنەكان بڵێ، پیتی( ك كـ ) بنووسە. بخوێنەوە.



....ۆتر



یە....



....ـەو

## چالاكی (٣)

( ك كـ ) بدۆزەوە، نیشانەی بكە.

| | | | |
|---|---|---|---|
| ك | د | ز | و |
| ۆ | ی | ر | كـ |
| ژ | ك | ب | كـ |
| م | مـ | ن | ت |

# چالاکی (٤)

وشە دروست بکە.

نۆ + ک ← نۆک

نیسـ + ک ← ..................

باو + ک ← ..................

یە + ک ← ..................

کا + وە ← ..................

کا + کە ← ..................

کا + رەبا ← ..................

کا + نی ← ..................

# چالاکی (٥)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

## کارکردن

باوکم کارمەندە.
دایکم مامۆستایە.
کارکردن سەربەرزییە.
ئەوەی کار نەکات، ناژیت.

ڕێکبخەوە، بنووسەوە.

(مامۆستایە، دایکم)


--------------------------------

(سەربەرزییە، کارکردن)

--------------------------------


# وانەی ١٨

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ح حـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.



جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# تیمساح تیمسا ح (ح حـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( ح حـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.









حاجی تەزبیح گەزۆ حەڵوا

( ح حـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

گوڵ ڕێحان حـەمرین نوح

دەڵێم.


ح حـ ح حـ

بیرخستنەوە

د ک کـ ر ت تـ ز م مـ ۆ ح حـ

## پیتی ( ح حـ ) دەنووسم: ح حـ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

تیمسا تیمسا تیمسا تیمسا

ح

حـ

حا

حە

تیمساح


من کەلوپەلی شوێنی گشتی ناشکێنم.

## چالاکی (٢)

**ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ح حـ ) بنووسە، بخوێنەوە.**




....ـەوز



....ـەسیر

## چالاکی (٣)

**( ح حـ ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.**



# چالاکی (٤)

( ده ) یان ( نا ) دابنێ، بخوێنەوە.




حەز.....کەم



حەز.....کەم



حەز.....کەم



حەز.....کەم

# چالاكی (٥)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

## حەیران

**ئەژی:** برادەران وەرن، با یاری بکەین.

**دارا:** یاری دەکەین و ستران دەبێژین.

**زارا:** دەی حەیران دەبێژم.

بنووسەوە.

ئێمە ستران و حەیران دەبێژین.

# وانەی ١٩

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /ش‌شـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.











**جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)**

## ئاش   ئا   ش   (ش شـ)

**ناوی وێنەکان بڵێ.**

**ئەم وشەیەی ( ش شـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.**












| | | | |
|---|---|---|---|
| شیر | شەکر | دۆشاو | ئاو |

**( ش شـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.**

ڕەش   سپی   شین   شەش

**دەڵێم.**

## ش شـ   ش شـ

**بیرخستنەوە**

ب بـ   ۆ   ن نـ   ژ   ێ ێـ   و   ح حـ   ش شـ

## پیتی ( ش شـ ) دەنووسم: ش شـ



### چالاکی (١)

تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

ئاش ئاش ئاش ئاش

ش ش ش ش

ش

شـ شـ شـ شـ

شـ

شا

شە

ئاش

من پاکوخاوێنیی شارەکەم دەپارێزم.

## چالاکی (٢)

ناوی وێنەکان بڵێ، پیتی( ش شـ ) بنووسە، بخوێنەوە.



....ایی



....انە

## چالاکی (٣)

( ش شـ ) بدۆزەوە، نیشانەی بکە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| ش | د | شـ | و | ڕ |
| ژ | ش | ۆ | ی | ئـ |
| ێ | ش | ێـ | وو | شـ |
| م | مـ | ت | شـ | تـ |

# چالاکی (٤)

وشه دروست بکه.

شه
- ن ← ..........
- ش ← ..........
- و ← ..........
- م ← ..........

شا
- نه ← ..........
- را ← ..........
- یی ← ..........
- سوار ← ..........

# چالاکی (٥)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

## شانۆ

**من و زارا و دارا و ئەژی نمایش دەکەین.**

**ئێمە شانۆگەری پێشکەش دەکەین.**

بنووسەوە.

| | | |
|---|---|---|
| شانۆ | نمایش دەکەین | پێشکەش دەکەین |




# وانەی ٢٠

ببینە و بڵێ.



ناوی وێنەکان بڵێ.

بازنەی ژێر ئەم وێنانەی دەنگی /پ پـ/ یان تێدایە ڕەنگ بکە.


   

جیاکردنەوە (ڕووتەڵکردن)

# تۆپ تۆ پ (پ پـ)

ناوی وێنەکان بڵێ.

ئەم وشەیەی ( پ پـ ) ی تێدایە، بە چەماوەیەک دەوربدە.



ئەسپ سپی گۆڵ پەرژین

( پ پـ ) بخەرە ناو چەماوەیەک.

پول نامە پۆستە لاپتۆپ

دەڵێم.

پ پـ پ پـ

بیرخستنەوە

م مـ ا وو ت تـ ژ ح حـ ڕ ش شـ پ پـ

## پیتی ( پ پـ ) دەنووسم: پ پـ

### چالاکی (١)



تۆخ بکەوە، بخوێنەوە، بنووسەوە.

تۆپ تۆپ تۆپ تۆپ

پ پ پ پ

پ

پـ پـ پـ پـ

پـ

پا

پە

تۆپ


وەرزشکردن تەندروستییە.

## چالاكی (٢)


ناوی وێنەكان بڵێ، پیتی( پ پـ ) بنووسە، بخوێنەوە.



دا....یر



ئەسـ....



...ا....ۆڕ


## چالاكی (٣)

( پ پـ ) بدۆزەوە، نیشانەی بكە.

| | | | | |
|---|---|---|---|---|
| پ | د | پـ | و | ڕ |
| ژ | پ | ۆ | ی | ئـ |
| ێ | پ | ێـ | وو | پـ |
| م | مـ | ت | پـ | تـ |


## چالاکی (٤)

هەڵوەشێنەوە.





## چالاکی (٥)

لێکبدە، وشەکان بنووسە، بخوێنەوە.



# چالاکی (٦)


( پێش، پشت، سەر، تەنیشت ) لە شوێنی ڕاست دابنێ.




لە...........



لە...........



لە...........



لە...........

# چالاکی (٧)

ببینە، بڵێ.



بخوێنەوە.

## کۆمپیوتەر

**شارا مامۆستای کۆمپیوتەرە.**

**کۆمپیوتەر ئامێرێکی بەسوودە.**

**مامۆستا شارا، یارمەتی پەری دەدات.**

بنووسەوە.

**مامۆستا شارا یارمەتی پەری دەدات.**

# پەپولە



پەپولەی جوان و ڕازاو
ئێسک سووکی باڵ نەخشاو
تۆ کەی هاتی بۆ لامان؟
بەخێر هاتی سەر چاومان
چاوەڕێت بووین زۆر بەکوڵ
بیرمان دەکردیت بە دڵ
لێرە زۆرە دار و گوڵ
بفڕە لەم چڵ بۆ ئەو چڵ

باڵدار



# فەرهەنگۆک بۆ مامۆستا

بەفر(ن): بەرف (ژ)، وەفر (گ)، وەروە(گ)، بەور(ن)، وەرف (خ)، وەفر (خ)

گرد(ن): تەپۆڵکە(ن)، گر(ژ)، تەپ (گ،خ،ن)

چەتر(ن): سەیوان (ن)، سیوان (ژ)

شەقام(ن): جادە (ن،ژ)

بۆق(ن): بەق (ژ)، قورباقە(ن)، قوڕاویلکە (ن)، قرواق (ن)، قرواقی (گ)، قوڕواق(ن)

کڵاو(ن): کولاڤ (ژ)، تەقلە(ن)، تەقیلە(ن)، تەقیلێ (گ)، کوم (ژ)، کلاو (خ)

پیاو(ن): زەلام (ن)، پیا(گ)، پیاگ(ن)

ڕێواس(ن): ڕێواز(ن)، ڕێڤاس(ژ)، ڕیواوی(گ)

ورچ(ن): هرچ(ژ)، خرس(ن)، هەشە(گ)

کچ(ن): دۆت(ژ.خ)، کەنیشک (ن)، کیژ(ن)، کەچ(ژ)، کەنی (ن)، دوێت(خ)، قیز(ژ)، دویت(خ)

کرێوە(ن): باوبەفر(ن)، بارۆڤە(ژ)، بادەوە (ن)، کریوە (گ)

زریان(ن): بای بەهێز، هوڕەبا(ژ)

نەی(ن): ئامێرێکە لە شێوەی شمشاڵ ئاوازی پێدەژەنرێ دەنگی زۆر دڵگیر و غەمگینە.

زەماوەند(ن): گۆڤەند(ژ)، داوەت(ژ)، شایی(ن)، شەهیان(ژ)، زەماونژە(گ)

گۆرانی(ن): ستران(ژ)، گورانی (خ)

یاری(ن): گەمە(ن)، وازی (خ)، حەنەک (ژ)، کیڵی(گ)

چیا(ن،ژ): شاخ (ن)، کەژ (ن)، کێو (ن،ژ)، کو(خ)، کەش(گ)

ئاڵا(ن،ژ): بەیداخ(ن)، پەرچەم(ن)

شانە(ن): شە(ن،ژ)، شانێ(خ)

گوارە(ن): گوشوارە (خ)، گوهار(ژ)، گۆشەوارە (گ)، گۆشخارە (خ)

ئاوێنە(ن): نەینک (ژ)، عەینە(ژ)، خۆدیک (ژ)، گوزگی، گوزین جامە(خ)، جام(گ)، نەینۆک(ژ).

برژانگ(ن): برژۆڵ(ن)، موژیلانگ(ژ)، مژۆڵ(ن)، مژانگ(ن)

ئەژنۆ(ن): زرانی (ن)، چۆک(ن،ژ)، زەنگۆڵ(گ)، زانو (خ)

پەرژین(ن): پێژانگ(ژ)، پەرچین(گ)، حەسار و کەڵەکەبەرد و چەپەری دەوری باخ

دێ(ن): گوند(ژ)، ئاوایی(ن)، لادێ(ن)

کەڵەشێر(ن): کەڵەباب (ن)، دیکل(ژ)، کەڵەشیر(گ)

بازوو(ن): باسک (ژ)، بازو (خ)، نێوان شان و ئانیشک (قورەنیسک )

پەموو: پەمبی(ژ)، پەمیگ(خ)

ماردین: شارێکە لە باکوری کوردستان

قامیشلۆ: شارێکە لە ڕۆژئاوای کوردستان

پەت(ن): پەتە (گ)، پارچە گوریس (ن)

پشیلە(ن): کتک (ژ)، پشیک (ژ)، کتە(گ)

گەزۆ(ن): شیرەمەنییە لە گەزۆی سروشتی دروست دەکرێت

پیرس: ناوی شاخێکە لە دەڤەری دهۆک

مافور: (ن،ژ): قالی (گ،خ،ن)، فەرش (ن)، مەحفیر(ژ)، مەحفور(ژ)

عەفرین: شارێکە لە ڕۆژئاوای کوردستان

باعەدرێ: شارێکی باشوری کوردستانە

هەوێردە: (ن): کولەفرە(ن)، کەرەواڵە (ن)

خەناوکە: (ن): ڕستک (ژ)، ملوانکە(ن)، ملەوانی(گ)، ملوانک (ن)، گەردانە (ن)

خڕخاڵ(ن،ژ): پاوانە (ن)

درەخت(ن): داری سەوز

مەشخەڵ(ن):خەتیر (ژ)، شوڵە چراو (گ)

پەنجە(ن): تبل(ژ)، تلی (ژ)، ئەنگوشت (خ)، ئەنگوست(ن)، کلک (خ)، قامک (ن)

قەیماغ(ن): سەرتویک (ژ)، شیری کوڵاوی گامێشە

**قەڵغان(ن):** مەتاڵ(ن)، مەرتاج(ژ)، سپێر (ن)

**مەراغە:** شارێکی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە

**شەو(ن):** شەڤ(ژ)، شەوێ(گ)

**ئاڤێستا:** کتێبی ئاینی زەردەشت

**شڤان(ژ):** شوان (ن)، چوپو ( گ)

**لاڤە(ژ):** لاڵانەوە(ن)، پاڕانەوە(ن)، نزا (ژ.ن)، ئەوەلاڵییایی(گ)

ژ: کرمانجی ژوروو
ن: کرمانجی ناوەڕاست
خ: کرمانجی خواروو
گ: گۆران

# ناوەرۆک


| ژ | بابەت | لاپەرە |
|---|---|---|
| ١ | پێشەکی | ٣ |
| ٢ | پەرتوک (هۆنراوە) | ٥ |
| ٣ | پێداویستی ناو ماڵ، پۆشاک، هۆیەکانی گواستنەوە | ٦ |
| ٤ | وێنەی نامۆ | ٧ |
| ٥ | وێنەی جیاواز | ٨ |
| ٦ | دیارکردنی وێنەی ناتەواو | ٩ |
| ٧ | دارا و پەری (سیناریۆ) | ١٠–١٢ |
| ٨ | سمۆرە (هۆنراوە) | ١٣ |
| ٩ | چۆن پێنووس دەگرین | ١٤ |
| ١٠ | تۆخ بکەوە | ١٥ |
| ١١ | تۆخیان بکەوە | ١٦ |
| ١٢ | ناوی ڕەنگەکانی ئاڵا بڵێ، تۆخ بکەوە، ڕەنگ بکە | ١٧ |
| ١٣ | وانەی ١ پیتی (د) | ١٨–٢٣ |
| ١٤ | وانەی ٢ پیتی (ر) | ٢٤–٣١ |
| ١٥ | چالاکی (دارا – دادە) | ٢٦–٢٧ |
| ١٦ | وانەی ٣ پیتی (ز) | ٣٢–٣٧ |
| ١٧ | وانەی ٤ پیتی (و) | ٤٠–٤٣ |
| ١٨ | وانەی ٥ پیتی (ڕ) | ٤٤–٤٩ |
| ١٩ | ئاکاری ئاخاوتن (سیناریۆ) | ٥٠–٥١ |
| ٢٠ | وانەی ٦ پیتی (ۆ) | ٥٢–٥٧ |
| ٢١ | وانەی ٧ پیتی (ی) | ٥٨–٦٢ |
| ٢٢ | ئێک و دو (هۆنراوە) | ٦٣ |
| ٢٣ | وانەی ٨ پیتی (ئـ) | ٦٤–٦٩ |
| ٢٤ | وانەی ٩ پیتی (ن) | ٧٠–٧٦ |
| ٢٥ | چالاکی (ئاو) | ٧٧ |
| ٢٦ | وانەی ١٠ پیتی (ژ) | ٧٨–٨٢ |
| ٢٧ | بڵێن بەڵێ (هۆنراوە) | ٨٣ |
| ٢٨ | وانەی ١١ پیتی (ێ) | ٨٤–٨٩ |

| | | |
|---|---|---|
| ٢٩ | وانەی ١٢ پیتی (ب) | ٩٠–٩٥ |
| ٣٠ | وانەی ١٣ پیتی (س) | ٩٦–١٠١ |
| ٣١ | شاری یاری (سیناریۆ) | ١٠٢–١٠٣ |
| ٣٢ | وانەی ١٤ پیتی (وو) | ١٠٤–١٠٩ |
| ٣٣ | وانەی ١٥ پیتی (م) | ١١٠–١١٥ |
| ٣٤ | وانەی ١٦ پیتی (ت) | ١١٦–١٢١ |
| ٣٥ | وانەی ١٧ پیتی (ک) | ١٢٢–١٢٧ |
| ٣٦ | وانەی ١٨ پیتی (ح) | ١٢٨–١٣٣ |
| ٣٧ | وانەی ١٩ پیتی (ش) | ١٣٤–١٣٩ |
| ٣٨ | وانەی ٢٠ پیتی (پ) | ١٤٠–١٤٦ |
| ٣٩ | پەپولە (هۆنراوە) | ١٤٧ |
| ٤٠ | فەرهەنگۆک بۆ مامۆستا | ١٤٨–١٥٠ |
| ٤١ | ناوەرۆک | ١٥١–١٥٢ |
| | | |